# سووتان

**لە بەفرییەتی خۆرا**
**گومانێک نییە**
**هەروەک زەریا**
**لەبادا ـ پیاسە دەکات**
**یا گەزیزە**
**بێزار لە هەنگاوی هاوین**
**گوڵەکان دەگرین**
**ئەو دەمەی،**
**مەڵەغانێ دەلەوەڕێ**
**هەستەکان دەدڕێن**
**ئەو کاتەی،**
**تۆپەکان دەقریشکێنن**
**وەچاو جۆبار**
**ئەوچرکەی،**
**دەنگی هیوا دەسووتێنن**

## هیوا

ماندووی ماندووم
پێڵوی پەنجێرە هەڵنەهات
دڵنیام شەوێ مانگ دێت و
بسکی بەسەر چاوما دێنێ و
ژوورەکەم پڕ دەکا لە خۆی

## تاسە

سەرم ئەنێم بە دڵمەوە
هەتاکوو هەرێمی گریان
لێوم ئەنێم بەسەر مەوە
تا شێعری خەم
دڵۆپ
دڵۆپ
رووباری تاسەم دەچڕێ

## «یانە»

**جریوەی چاوت ئەمژم**
**شەپۆلی باڵات**
**وەبۆنی رووباری پرچت**
**لە ئامێزما بنیشەوە**
**تۆ کۆتر و**
**من هێلانە**
**من قاقڕ و**
**تۆ بارانە**

## دەنگی زەریا

**ئەم گۆلاوە باڵا ناکات**
**ئاوێنە**
**گەرای تۆزی هەڵێناوە**
**ماسییەکان، دەتوانن بفڕن**
**ئاسمان سەوز**

## جیم

**شانامەم**
**لە نەهاتی و**
**مەرگی هیوا**
**رووبارم**
**لە گەوهەر و**
**شاخم لە داخ**

## وێنە

**نەقاشییەکانی خوام خوێندەوە**
**چاوت**
**خەڵاتی نوبێل هاتەوە**

## «ون...»

چەن ساڵێکە
بارانە کۆچی کردووە و
پەپوولە بەفر ناوەرێ
چەن ساڵێکە
رێبواری دێمە رووتەڵەم
خەو بە زەریاوە دەبینم!
لەسەر زەوی روخسارەکان
سەرما دەڕوێ
چەن ساڵێکە
خۆم لێ‌ونە و
لاوکێکی لانەوازم

## مەودا

**ئەو ئاشقەی**
**لە تەمتومانی دووری دا**
**زامەکانی چەکەرەی کرد**
**دەڕشایەوە،**
**هەموو شەوێ پێنووسەکەی**

## دووری

**چ پووچستانێکە**
**ژیان**
**دووری**
**نم نم ـ کاتێ**
**جەستەی خولیام دەشواتەوە**

## ژیلەمۆ...

دڵم
بەرەهووتی گریانێکی پەمەییە
دەتنووسمەوە
هەتا جەستەم،
گوڵاڵە سوورە دەپشکوێ
یادی خەرمانەی ئەو مانگەی
یەکەم بزەت
پێکی چاوەکانمی چڕی
ژیان،
لە یەکەم ژانەوە دەزێ
دووری،
لە دوایین تەماشاوە.

«.»

**بە دڵێک**
**جووتێ ئەوین هەڵناگیرێ**
**وەکوو بە دەستێ**
.....
**هەناوی من**
**کوانووی عەشقی سەوزی تۆیە**

## بێتۆیی

**ئاسۆ لێڵە**
**شار بێدەنگە و**
**دنیا تاریک**
**ئاخ بێتۆیی**
**چەن وڵاتێکی نامۆیە ...**

# لەنجەیەک تۆ

**ئاسمانێک مۆسیقا**
**پەنجێرەیەک بزە**
**ئاوێنەیێک نیگا**
**خۆ بە ژووری دڵما دەکا**
**رووبارێک من**
**دەوەرێت و**
**دەبێتە تۆ**
**لەنجەیەک تۆ**
**دە**
**وە**
**رێت و**
**گەڵا**
**گەڵا**
**دەیخۆمەوە**

## غەوارە

**لە بستێ خاکا**
**دەمنووسێتەوە ژین**
**مەرگ،**
**ئاسمانێکی غەوارەیە ...**

## خەزان

**ئیتر ئەمجار دەبارێت و**
**تۆ نیت**
**دڵۆپەکان بخوێنیەوە**
**ئیتر ئەمجار بەهار دێت و**
**تۆ نیت**
**تامی سێوەکان ببیستی**
**ئیتر ئەمسا پایز دێت و**
**منم**
**هەڵوەرینی گەڵای،**
**سەدان بزەت**
**ئەنووسمەوە**

## ئاوێنە

**قەنارییەک**
**خۆی بە میلەی قەفەس دا ـ دا**
**...**
**ئاوێنەکان،**
**شێتی دیمانەی**
**گوێرێژن**

## خاک

**گەر لە شاری غوربەت مردم**
**لە بۆنی خاکی زێدەکەم**
**مشتێکم لەگەڵ بنێژن**
**با، جارجارە**
**تاسەی دووریم،**
**بشواتەوە**

## کانی

**لە هەمیشە کانی یادما**
**دەفڕێ ڕەگی تاسەی وەسڵ**
**ئاخ، چەندە خولیاترینم**

## قالەمەڕە

**بزەیەکی ئەهووراییی**
**شێعرێکی مەست**
**شەپۆلێ پەیڤی خولیایی،**
**هاتە ناخ و**
**جەستەی کردە چەپکێ شنە**
**ئەو دەمانەی «قالەمەڕە»**
**ئاوازی بوونی دەچڕێ**

## ڕەگ

**مەڵەغانێ، گوڵێکی کرد**
**گوڵە کوتی:خاکت بەسەر**
**دەمەو بەهارێکی دیکە**
**ریشەم دیسان**
**دێتەوەدەر**

## سنوور

**دەڵێم بزە**
**چەپکێ مۆڕەم  بۆ دەنێری**
**دەڵێم سڵاو**
**بێدەنگی دەمنووسێتەوە**

«؟»

**ژیان**
**سووتانێکە**
**لە بەستێنی چرکەکاناو**
**من ژیلەمۆی**
**دووریترین ماڵاوایی**

## چارەنووس

**ئەوین، چیرۆکی شێتییە**
**فرمێسک،**
**تا بیری چارەنووس**
**چارەنووسیش**
**فلیمێکی تراژێدی**

# پردی تاسەیەک دەفڕم

دا
دەڕژێت
بەسەر دڵما،
مەنگەشەوێک
شنەی نەرمی،
غەریبانەی ڕێبوارانێک
هەر دێت و سەوزتر دەچێ
لە حەوشەیەک بزەدا،
قەتیسە خولیام
لە باخچەیەک تیشکا،
هێلانەیە چاوم
گۆنەی سەوزی پەپوولەیەک،
دەهۆنمەوە
ئەگەر،
مەعریفەتی باڵەکانی هەڵمچنێ
پردی تاسەیەک دەفڕم
ئەگەر،
باڵەکانم شین ببنەوە!

# سکاڵا

**سکاڵای گوللەیەک بۆن کە**
**لوولەی تۆپێ**
**سەرنێزەیەک**
**ئەی خوایە گیان:**
**بۆ نەبووینە هەسێرەیەک**
**دارێ**
**بەردێ**
**یا چوارچێوەی**
**پەنجێرەیەک؟!**

# گەزیزە

**گەزیزە بووم**
**گەزیزەیەکی ساوا بووم**
**بە شنەی بزەنەرمەکانت ـ هەڵمدا و**
**بە تۆفانی**
**خەزانی  دووریشت ژاکام**
**گەزیزە بووم**
**گەزیزەیەکی کەمخایەن**

## ژان

هەوری کۆچە لە ناخم
تەرزانە
دا
دەبارێت و
لە سەر گۆنە
بزەکانم دەشواتەوە
دووری نیگات
چ ژانێکی باڵا بەرزە

## گڕکان

سروە،
چپەی ماچێکی خولیایی
شنە
پەیکی ئەوین
شەونم
تروسکەی ناز
زریان
گڕکانی شێعرێکی توورەم
بکێشەوە

## ڕامان

شاخێ وتی
بەردێ نەبوو
سنگی بەردێ کەم هەڵدڕێ
گوڵێ
گوڵێکی ترم پەڕپەڕ کات
ڕێچکەیەکم
ئەویتریان هەڵبلووشێ و
کانیاوێکم،
بزەی لەوانیتر نەچێ

## ڕەگ

ریشەی گوڵێکیان
هەڵکۆڵی
ئەمسا
بۆ ریشەی بۆنەکەی
دڵی بازێ.

# ڕەوەیەک بۆ

**سوورەتاو**
**سامان**
**شاخێک سەرسووڕمان**
**جەمام**
**بلۆق**
**خولیا**
**؟؟!!**
**مژێ لە بای حەسانەوە**
**ئارەق**
**سوورەتاوێکی کەڵەگەت**
**بژارچن**
**تاوان ...**

# کۆچ

**ئیتر مانگ بڕیاری داوە**
**گۆرانی**
**بۆ زەریا نەڵێ**
**با**
**درەخت**
**نەلاوێنێتەوە**
**تۆش**
**لە گەڵ چەپکێ تەنیاییدا**
**جێم بهێڵی.**

# جیاوازی

**گوڵ هەژارە**
**با**
**مەکۆی نازی**
**دەشێوێنێ**
**با درکە سمێڵی خۆشدەوێ**
**خۆزگە**
**با ـ ش دەیفامی**
**جیاوازی**
**چەندە تاڵە!**

# ئاسۆ

**دیوێک دەچنم**
**فەرشەکانی لە چیمەن و**
**پەنجێرەکانی هەسێرە**
**کەی بارانە**
**جانتای تەفسیری ئەم شارە**
**هەڵدەگرێ؟**
**کەرووی کانی**
**ئاوێنە ـ چاو**
**کەرووی بزە،**
**کەی دەوەرێ؟**
**کەی دەرسکێ؟**
**رووبارێ لە غیرەتی تاو**
...
**دیوێک**
**دەچنم**
.....

# کەژاوەی خەم

هەڵچنینی
ئارەقە و خوێن و خەفەت
ژیان
نان
گۆڕستان
وڵاتێکی مێهرەبان
شێعر
تاسە
تاڵە ـ ئەوین
سەوزترین چرکەکان
شێعر و ژیانم دەنێژن
دەمار و خوێن
دیەی نانن!
ئاوەز و هەست و حەیاتە
شاباشی ژین

ئەورۆ
شا
ژین
ئاهی سەردم
خۆڵەمێشی کامەگوڵ بم؟
گەنم
دووری
یاخۆزانین
بەکام رووبار
تەمستانەکان بسڕم و
لە ئامێزی کام تەنیایی،
شێعرێک بڵێم؟
لە کەژاوەترین خەم دا
وشەکان بە هانام نایەن
کلوو
کلوو
ئەوەی ماوە
دەمبارێنێ چاوەکانم
گەنم
دووری ...

## لە ڕەوەیەک پەنجێرەدا ...

**بزە وەری و**
**زامم سەوز**
**بێڕەنگترین تاسەکانم،**
**کوێوە دەچن**
**ئەم ڕووبارە**
**جانتای سێو و ماسی نییە و**
**هەنارێکیش**
**سپی**
**سپی**
**هەڵدەوەرێ**
**لەگەڵ چەپڵەی تیربارێکا هەڵپەڕین و**
**لەگەڵ هاژەی بزەیەکا،**
**هاوڕێ نەبوون**
**هەتا کۆتر**
**زەریایەکی هەمووتانم**
**دڵۆپێک نان**
**تیکەیەک ئاو**
**هێشوویەک لە خەمەکان**
**کەشەفێ لە بزەکان**
**پردی هەموو تاسەکان،**

**دەکێشمەوە**
**کە چوومە یەک**
**جێتان دێڵم**
**من شایەد بارانەیەک بم**
**تۆ رەوەزێک**
**ئەو درەختێ**
**لە کۆڵانی سوور و شینی تێپەڕینا**
**هەموو سەروین**
**رەوەز ئەگەر درەخت نەبێ**
**باران ئەگەر وڵات نەبێ**
**من تۆ نیم و**
**هەموو کاڵێن لە ناو کاڵا**
**بڕیارە شێعرێک بمچڕێت**
**لە رەوەیەک پەنجێرەدا**
**تامی زەریا**
**دادەڕێژم**
**کە خۆر لەناو باوەشیدا**
**شایەد قا ـ قا**
**راکشابێت**
**ئای کە رۆژگار،**
**چ بزەیەکی وەریوە و**
**کەشەفێک لە تاسەکان**
**لە رەوەیەک پەنجێرەدا**
**دامدەڕێژێ**
**کە چوومە یەک!!!**
**جێتان دێڵم.**

# بۆنی چرایەک دەبینم

**شەوە و**
**لەژێر قەمچی باگەڕێکا**
**قژی دارەکان**
**دە**
**وە**
**رن**
**کۆترێکی ماندووی خەمین**
**لە هێلانەکەی خزاوە**
**شار،**
**لە ژاوەژاوی سیگناڵا**
**نغرۆ**
**کۆڵانەکان**
**لە تەنیاییەکی خەستا**

قەتیس
هەور،
فرمێسکەکانی دەبێژێ
شەوە
لە پێخەفی تەنیاییمدا
باران
باران
بیرەوەری
هەڵمدەچنێ
باش
قەمچی
قەمچی
درەختەکان تاڵان دەکا.
شەقام
وڵات
وە من
بێئۆقرانە دەتلێنەوە
بۆنی شمشاڵ
دوور
دەنگی
چرایەک دەبینم

## سپی تر

**ئەگەر بڵێن**
**بۆنی گوڵێ بکێشمەوە**
**خۆشەویستی**
**وێنەی رستەیەک هەڵچنە**
**زەیتوون**
**رشانەوەت بیارێنە**
...
**دایکم دەیوت**
**من رادۆیەکم خۆشدەوێ**
**لێوبەبزە**
**کاکم ئەیوت**
**ساتەلایتێکم پێ چاکە**
**سپیترم**
**دا**
**بڕێژێ**

# هەتا بڕیارێک لە غوربەت

**ئەمە ئاخرین شێعرمە**
**پەیڤێکی نەنووسراو**
**دەڕۆم ئیتر**
**بۆ وڵاتێ**
**شێعرەکانم نانووسمەوە**
**خوێنەری شێعرەکانی من**
**ئیتر چەمن**
**وە جووتێ گۆنەی کاڵی کاڵ**
**ئیتر هەستم**
**دەخەمە ناو کۆڵانەوە**
**با شێعری من**
**لە قوژبنێکی تەنیادا**
**بخولێنەوە**
**دەڕۆم ئیتر**
**زەمان شایەد**
**شاعیرێکی زۆر گەورەیە**

**شێعر زۆرە**
**ژانی گوستان**
**لەتەکانی ناخی ژنێ**
**هەنسکی سووری منداڵان**
**خۆیان شێعرن**
**وا هەستەکەم ئەم دنیایە**
**تەنیا دنیای شێعر نییە**
**شێعرمان بەجێهێشتووە**
**شێعر، رووبارێ بێدەنگی نەنووسراوە**
**شێعرمان یا،**
**لە خاڵێک و**
**لە سەروێکا دیوەتەوە**
**شێعری ونبوو**
**شێعری کوژراو گەلێ زۆرن**
**رووبار**
**قەفەس**
**تۆڕی ماسی و ...**
**لەوانەیە،**
**دەفتەرێکی سپی ساکار**
**بەر لەوەیکە رەش دەگەڕێ**
**شێعرێکی زۆر سەرکەوتوو بێ**
**رێچکەیەکیش**
**دەتوانێ قەسیدەیەک بێت**
**ئەوجێ پێیانەش ماونەوە**
**باران، شێعرێکی پاراوە**
**ئەوجار شێعر جێناهێڵم**

**دادەنیشم و**
**هەر هەموویان دەخوێنمەوە**
**هەر مرۆیەک چیرۆکێکە**
**لەناخی هەر چیرۆکێکا**
**نابێ شێعر لە یاد بچێ**
**شێعر لە پەنامانەوە وێڵ کراوە**
**دەیان شاکارم خوێندەوە**
**نەنووسرابوون**
**ئێمە گوناهباری شێعرین**
**بەبێ دیوان شاعیر نەبووین**
**نەمانزانی کە شاعیرین**
**هەر مرۆیەک**
**شاعیرێکی لە دەروونا حەشار داوە**
**ئەمجارەیان**
**لە فرسەتی هەر خەونێکا**
**واو بە واوی شێعرەکانی دەخوێنمەوە**
**وڵات، ئارام**
**چیا، ساکار**
**ئێمە گوناهباری وشەین**
**هەر تابڵۆمان خستە شێعر**
**نەمانهێشت وشەکان،**
**لە جێی خۆیانا دانیشن**
**تەسبێحمان پێ دروس کردن**
**دیلمان کردن**
**کەچی هەر نەبوو نە شێعر**
**دڵنیا نین**

**شاکارەکان نەنووسراون**
**دڵنیا نین**
**دڵەڕاوکە و ئازارەکان**
**ئەنفالەکان**
**هەڵەبجەکان**
**شێعریەتییان،**
**لە نووسینا داچۆڕاوە**
**دەڕۆم ئیتر**
**زەمان شایەد**
**شاعیرێکی زۆر گەورەیە.**

# ڕووبار...

**حافزا**
**منیش لە چاخی تەیموورا**
**شێعر دەڵێم**
**چاخی ئەنفال**
**هێرۆشیما ....**
**سەری منیش**
**لە هەڵەبجە**
**منارەی سەدەی بیستەمی**
**لێ چێ کرا**
**حافزا**
**منیش**
**لە کۆچی ناوادەی مۆمەکانا**
**شەڕاوی سەد مەنی**
**دەخۆمەوە**
**لەدەستی ساقی**
**شۆخی خەم**
**حافزا .....**

# شەهید

«بۆ ئەو هاوڕێیەی غەرقی چاوانی میترا بوو»

**بۆنم بە شاخەوە کرد**
**بەڵکوو**
**بە ڕووبارەوە کرد**
**بەڵکوو**
**بە با و باخ و ئاوێنەوە**
**تەنیا تۆزێ**
**بۆنی بزەی تۆی پێوەبێ**
**کەچی گیانە**
**هەموو گوتیان**
**لە ناو کەورگی هەورێکی غەوارەدای**
**گەڕام**
**گەڕام**
**کە باڵەکانیم پشکنی**
**لەوێش نەبووی**
**سەرەوەتر بازێکم دی**

**لاوکێکی خەمینی دەهۆند**
**کە چوومە لای**
**لە سەر باڵی**
**بزەکانت**
**چەپک**
**چەپک**
**شەڵاڵی سروود و**
**خوێن بوون**
**وتم بۆ کوێ**
**وتتان بەرەو هەسێرەیەک**
**هەڤاڵی چاوەکانی خۆر.**

## تەمستان

**لە باوەشی شارا**
**درەختەکان**
**دەنیشنەوە**
**بۆ شێر**
**عەرز و حاڵ دەچڕێ**
**مێرووولەیەک**
**شەقام**
**ڕاڤە دەکا**
**سەگێک**
**یالّی شەو**
**باڵاترین سنەوبەر**
**مانگ**
**چووە جیکەڵدانی هەور**

# بۆن

بۆنی سپی
بۆنی سەوز
وەکوو بزەی بەژنی درەخت
بۆنی قاقای
منالّی سالّەوەختینە
بۆنی لەزەتی باران و
شنەی عەشق
لە وێنەکەت ...
تنۆک
تنۆک ـ
دا
دەبارێ.

## کەسیرە

**با دەنووسێ**
**سڵاوێک مرد**
**هەور ـ گریان**
**کەسیرە**
**ئەی مرۆڤەکان**
**خەمتان باش**
**سڵاوێک . . .**

## مۆم

**مەنسوور**
**چووە سەر دار**
**کەچی مۆمی بزەکانی**
**دەتکانە ئامێزی زەوی و**
**لە ئاوێنەی دڵی خاکا**
**دەبوونە گەزیزەی**
**بەهار**

(S)

**دڵم**
**ئوقیانووسێکی هەڵچوو**
**نیگام**
**بەرەو لانەی چاوەکانت**
**تاسەی فڕین**
**هەڵدەمژێ**
**تۆ رووباری ئاواتمی و**
**من**
**ژیلەمۆی بزەکانت**

**؟؟؟**

**چی دەبوو**
**نە خەم بایە و**
**نەپێکەنین**
**نە تاو**
**نە مژ**
**کە ئەمانەش هەن**
**چی دەبێ؟**

# شەهید

بۆ یادی سەوزی هاوڕێ م.م

**شنۆم**
**هەتا کەزی بزەکانت**
**لە گاپارەی**
**دەستەکانی کێلەشینان**
**شنۆم**
**تا هەناسەت**
**تکاوەتە سامڕەندەوە و**
**خولیاکانت**
**بۆ سەوز بوون**
**لەباوەشیدا**
**خەڵفاون.**

## خولیا

کاتێ جۆبار
گەییە زەریا
چۆکی دادا و
هاتە پەیڤین:
سڵاو دڵدار ـ
زەریا باوەشی پێدا کرد
لاقە مانوەکانی شێلا:
سڵاو رۆڵەم
زۆر لەمێژە چاوەڕێت بووم
جۆبار
شێتانە
لە بێئۆقرەیی زەریادا
خۆی شاردەوە
تاو بە دەم هەڵاتنەوە
شەپۆلەکانی لستەوە
مزگێنی دا
پەلەوەرێ
بۆنی گوڵێک بەرێوەیە ...

# ڕاسان

**تا کەی**
**بۆ ماچێکی سێوی خۆرین**
**بتلێمەوە و**
**گوڵاڵە سوورە بڕسکێم**
**من**
**کۆترێک دەبێژم**
**سپی‌تر**
**شنەیەک دەمکێشێتەوە**
**ڕۆژین‌تر**
**خرۆشاوم**
**تا سەوزتر**
**دا**
**ببارێم**
**«کە وایە هەم»**

# ڕەنگ

هەموو جیهانم پشکنی
زۆر خۆرم دی
تامی سێبەر
بەبر
مەزەی بێچووە پشیلە
شێر
بۆنی مشک
دەمامک
ڕەنگی مرۆڤ و
شێعر بێڕەنگ

# خەمی نان

شەو بوو
خەڵک
لە ژێر شۆقی چرای نیئۆن
یا ـ لانی کەم
لێفەشڕێکا
نوستبوون
تووتکێکیش
لە ژێر حەریری کڕێوە و
لە سەر دۆشەکی سەهۆڵین
بیری لە نان
دەکردەوە
لە ڕەنگی مان . . .

# ڕاڤە

بۆ هاوڕێ جەماڵ نەجاڕی

**من لە کەژاوەی**
**شۆخێکا**
**شاخم ناسی**
**لە بەلەمی ئەوینێکا**
**بوومە شێعر**
**لە چارداخی هەنسکێکا**
**خەمم نووسی و**
**لە ئامێزی دوورییەکدا**
**تامی مەرگ**
**ژیان**
**لە خونچەوە دەپشکوێ و**
**لە خەزاندا**
**دەکوژێتەوە ...**

## نامۆ

نامۆم
نامۆ
نامۆتر لەو چیرۆکانەی
هەتاو
بۆ شاری خوێندەوە
لەو بزانەی
بەم رۆژگارە
رەنگاڵەیەکی غەوارەن
ئاواتم
پۆلە هەورێکە
هەر نەبێ
دڵۆپە ئاوێک بنووسێ . . .

# هاوار

شار لە ئامێزی دووکەڵا
راکـــــشـــــاوە
شەقامەکان
شەکەت
شەکەت
هەڵکورماون
گوێچکەی کۆڵان
پڕە لە گۆرانی گوللە و
هاواری
منداڵی ساوا
ئەوشەو
چرایەک نایسێ

# سەفەر

**لە گەڵ هەورێکی نامۆدا**
**دەڕۆم**
**چاوەکانم**
**دڵداری پۆلێ گەوهەرن**
**ئای کە چاوم**
**دڵ**
**ڕەوەیەکە لە ژان و**
**سەرلەچڕژان**
**توامەوە**
**بەر لە بوونم**
**بە تاوی کۆچ و**
**نێزەی با**

**بەرەو هەرێمێکی ...**
**دەڕۆم**
**بەرەو شوێنێ**
**مرۆکانی**
**شێعر بە شمشاڵ بنووسن**
**ژیان بە چاو**
**حەیران بە با**
**نە ڕەنگی خەم بناسن و**
**نە «نیل»ی کۆچ**

# باخستانی بەهێی

هەی لە کۆچی چەپکێ پەمە
واوە مەیگێڕ
راوڕاوێنی
هەسێرەترین تاسەمە
چەپکێ هیوا
دەبزرێت و
شینی سووری
جووتێ کۆتر
هەڵدەوەرن
ئەسرین
خولیا
چەم سوور دەفڕێ
ئاسمان هەورێکی غەوارە
دادەڕێژێ
خەمم لە ئامێز دەگرم و
چۆکم هەنسک

**چیای گوڵ ڕەش**
**بزەی وەریو**
**شێعری زەرد**
**شاری نامۆ**
**هەڵمدەچنێ**
**سۆزی شمشاڵێکی ونبوو**
**بە بارتەقای**
**حەڵەبجەدا**
**شۆڕ دەبمەوە**
**نەورۆزی ڕەش**
**چیای گوڵ . . .**
**توانەوە دەهۆنمەوە**
**کۆچستانی ئەندێشەمە**
**شاری مەلوول**
**گوندی ژاکاو**
**ڕووباری ڕۆ**
**باخستانی بەهێییمە**
**ئایەتی بێڕەنگی گۆنەم**
**لە ناخمدا . . .**

# بەیان

که رۆژستانی هەنیەت
دا
دەکا
شەوەکانم
دەبنە پۆلێ
نێرگزی ئاڵ
که دووریشی
درەخت و گوڵ
دەبنە بایەقوشی رەژی

# شەرح

چەندە خۆشە
نەرم ـ نەرم
روانی ئارامشی شەو
هەستی ماندووم
دەخواتەوە
چەندە خۆشە
گەش ـ گەش
سەفحەی سەوزی بزەیەکت
شەرحم دەکا
چەندە خۆشە
هێور ـ هێور
چاوت
پیاسەم لە باوەش دەکا و
بە ناخی شەو
بۆ ئەوینمان
لە پرچی مانگ
هێلانە شێعرێک دەمچڕێ

# ساڵادی ... = ٤-٩

سەوز
لەنگەر
ئەسپی شێتی جگەرەکەم
چی دەهۆنێ؟
لەسەریەک
دەستەوار دەبن
هە
و
ر
لە هێلکەی با و
بزەی لۆدێر
جۆبارێکی تازەترم
هەڵدەبەستن
هەور
بە دەورمدا

**چوار دەچڕێ**

**ببوورن**

**دەلاقەیەکتان نەدیوە**

**لە دەنگی روانینی ئێمە؟!**

**تۆ ئێژی**

**خۆیشم**

**لە لای خەیات**

**بۆ روانین**

**پەنجێرەیەک ...**

**ه-ه-ه**

**چەواشە**

**شێتاون واوان**

**غەوارە**

**؟؟؟**

**!!!**

...

...

**«دەتوانێ لۆمەش نەبێ»**

# فوارەیەک لە تەنیایی

**دڵم**
**کاوڵاشێکی خەمین**
**سەرم لۆتکەیەکی سەرگەردانی**
**گەمیەوانێکی ماندووە**
**گڕی هەستم**
**لە نێو زەریای جاڕزیدا**
**پیاسەمە**
**بە بزماری چرکەکانا هەڵواسراوە**
**تابلۆی چاوم**
**چ مژستانێکی ڕەش**
**دابڕانێکی کەڵەگەت**

**سووتان**

**سووتان**

**پەژارە باڵا دەکات و**

**هەڵمدەچنێ**

**فوارەیەک لە تەنیایی**

**مانگ**

**رووبارێکی پەژارەیی**

**ساڵ**

**کەسیراوی**

**چیایەک بۆ؟؟؟**

**ریزم دەکا**

**تابلۆیەک!!!**

**خەمی ئەو بزە وەریوە**

**خەمی ئەو مەلە ونبووە**

**خەمی ئەو دڵە چڕژاوە**

**خەمی . . .**

**خەمی . . .**

**من خەم دەخۆم**

**رووباری کەڕ**

**رووباری کوێر**

**کوێوە؟؟؟**

**سەر هەڵێنە**

**دووکەڵ**

**بەرد**

**ئاسن**

**گوللە**

**سەهۆڵستان هەڵمدەچنێ**

**دابڕان**

**فوارەیەک**

**لە تەنیایی**

**دەڕۆم**

**هۆ ئاوێنەژاکاوەکە**

**هۆ کانیە غەوارەکە**

**دەڕۆم**

**دەڕۆم**

**هۆ هۆ هۆ ...**

## دیاری

**بەهار**
**هاتە ناو هۆدەکەم**
**لەگەڵ چەپکێک**
**شنەی خولیادا**
**بەستم و**
**بە بۆنی**
**گوڵە مێلاقە و**
**گەزیزەوە**
**ئاراستەی تۆم کرد**
**دایـــــە گـــیـــان**

# بڕیار

له رووباری بێکەسیمدا
پێکێ ئەشکم
پەرداخێ ژان
له هەناسەی بۆچەکاوی
هەژاران و چەوساوەکان

## ئامێز

له چاوتا ـ ژین
له تەکتا ـخەم
له ناو فوارەی ئامێزتا
سانەوەیەکی هەتایی
هەڵمژینی،
سریوەی سەوزی هەسێرەیە
خەیاڵێکە
شلک و ناسک
شەپۆلێکە
له سەمای نوور
ژوانێکی ئەهوورایيە
ئەی
کور
دس
تان
ئەی کوردستان

# پرسیار

شارێک دەدوێم
لە ژێر لێزمەی
شێرپەنجەدا
لەوێ، شەپۆلی پێکەنین
مێژووترین کۆچە
دەلاقەی دڵ
قسر
شارێک دەدوێم
بە پانایی هەموو دنیا
چراییێکی لێون بووە
چرا
چرا
کێ دیتوویە
دە پێم بڵێن
ئەگەر دەگرێ شەمی گوێتان؟

**هێندێک لەم شێعرانە لە کۆڤارە کوردیەکاندا چاپ کراون.**

**بە سپاس لە کاک عەلی جەوشەنی و کاک حەمەدەمین شاسەنەم کە لە پێداچوونەوەو هەڵەگیری ئەم کۆمەڵەدا هەوڵێکی زۆریان داوە.**

## نێوەرۆک


سووتان.......................................... ٧
هیوا ............................................ ٨
تاسە............................................ ٨
«یانە»......................................... ٩
دەنگی زەریا ................................... ٩
چیم .......................................... ١٠
وێنە .......................................... ١٠
«ون...» ..................................... ١١
مەودا.......................................... ١٢
دووری ....................................... ١٢
ژیلەمۆ....................................... ١٣
«ـ» ........................................ ١٤
بێتۆیی....................................... ١٤
لەنجەیەک تۆ ................................ ١٥
غەوارە....................................... ١٦
خەزان........................................ ١٦
ئاوێنە ...................................... ١٧
خاک ........................................ ١٧
کانی ....................................... ١٨
قالەمەڕە.................................... ١٨
ڕەگ ....................................... ١٩
سنوور...................................... ١٩
«؟» ...................................... ٢٠

چارەنووس ........................ ٢٠
پردی تاسەیەک دەفڕم ................ ٢١
سکاڵا ........................ ٢٢
گەزیزە........................ ٢٣
ژان ........................ ٢٤
گڕکان ........................ ٢٤
رامان ........................ ٢٥
رەگ........................ ٢٥
رەوەیەک بۆ ........................ ٢٦
کۆچ ........................ ٢٧
جیاوازی ........................ ٢٨
ئاسۆ ........................ ٢٩
کەژاوەی خەم ........................ ٣٠
لە رەوەیەک پەنجێرەدا ................ ٣٢
بۆنی چرایەک دەبینم ................ ٣٤
سپیتر ........................ ٣٦
هەتا بڕیارێک لە غوربەت ................ ٣٧
رووبار........................ ٤١
شەهید ........................ ٤٢
تەمستان........................ ٤٤
بۆن ........................ ٤٥
کەسیرە........................ ٤٦
مۆم ........................ ٤٦
(S) ........................ ٤٧

؟؟؟ ............................................ ٤٨
شەهید ....................................... ٤٩
خولیا ......................................... ٥٠
راسان ........................................ ٥١
رەنگ ......................................... ٥٢
خەمی نان..................................... ٥٣
راڤە .......................................... ٥٤
نامۆ............................................ ٥٥
هاوار ......................................... ٥٦
سەفەر......................................... ٥٧
باخستانی بەهێیی .............................. ٥٩
بەیان ......................................... ٦١
شەرح ........................................ ٦٢
سالآدی ... = ٤-٩ ........................ ٦٣
فوارەیەک لە تەنیایی........................ ٦٥
دیاری ........................................ ٦٨
بڕیار .......................................... ٦٩
ئامێز ......................................... ٧٠
پرسیار ....................................... ٧١

# ئاوێنەیەک نیگا

شێعر

کەریم حیکمەتی

ئەم کۆمەڵە:
ڕەوەیەک تاسە و مەراقە

پێشکەشە بەو ڕووبــارەی تــامی بــزەی
دایک دەدات.

حکمتی کریم
ئاوێنەیەک نیگا: شێعر/ کەریم حیکمەتی
بۆکان: کریم حکمتی ١٣٨٣
فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا
شعر کُردی ـ قرن ١٤ الف. عنوان
١٣٨٣     ٢٤٥٣٤ـ ٨٣ م

ئاوێنەیەک نیگا
کەریم حیکمەتی
کامپیوتێر: عابید عەبدی
پیتچن: (شاسەنەم ٦٢٢١٣٤٠)
(جەوشەنی ٦٢٤٢٩٢١)
رووبەرگ: سولەیمان مام رەحیمی
چاپی یەکەم: ١٣٨٣
ئەژمار: ١٠٠٠ دانە
چاپ: اول
شابک: ٩٨٤-٠٦-٥٤٥٧-٤
٩٦٤-٠٦-٥٤٥٧-٤
نرخ: ٦٠٠ تمەن